کوردستانی نوێ KURDISTANI NWE
سالی چواردەهەم-ژمارە (3642) دووشەممە 2005/4/11
No: 3642 Monday 11/4/2005

لەوەڵامی پرسیارەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستاندا

ژانای کۆمەڵناسی گەورەی تورك ئیسماعیل بێشکچی:

کورد دەیەوێ لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت فیدراسیۆنێکی کوردیی هەبێت

ئیسماعیل بێشکچی

ئامادەکردن و وەرگێڕانی وەڵامەکان لەتورکییەوە:
فرات کەلەهکی - ئارام عەلی عەزیز

بەشی سێیەم

***کوردی باشور داوای فیدرالیزم دەکات، وەکو شێوازێکی چارەسەر بۆ ئەو بەشەی کوردستان، رای گشتیی عەرەب و تورکیش وای لێکدەدەنەوە کەفیدرالیزم دەبێتە رێگا خۆشکەر، بۆ پارچەبوونی عیراق، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

-بەڕای من پێویستە کورد پێ دابگرێ لەسەر فیدرالیزمو هەنگاو بۆ داوە نەهاوێت. دەبێ ئەو راستییە ببینین کە بواری هێنانەکایەی دەوڵەتێکی مەرکەزیی وەکو سەردەمی سەدام حسین لەئارادا نییە. ئایندەی چارەڕوانکراوی کورد زۆر لەوەی شیعەو سوننەی عەرەب جیاوازە. عەرەبی شیعە هەوڵدەدات لەسەر بنەمای شەریعەتی شیعی دەوڵەتێکی ئایینی دامەزرێنێت. هەرچی عەرەبی سوننەیە چاوەڕوانی هاتنەکایەی دەوڵەتێکی وەکو سەردەمی بەعسە لەعیراقدا. کورد دەیەوێ لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت فیدراسیۆنێکی کوردی هەبێت. ئامانجو داخوازییە چاوەڕوانکراوەکانی هەمووان لەیەکتر جیایە. بەبۆچونی منیش لەماوەیەکی مام ناوەندیدا هەموو بەرەوام دەبن لەسەر ئەو ڕێبازانەیاندا. کەسانێکیش هەن کەباس لەعیراقێکی ڕۆشنو خۆشگوزەران دەکەن کەعەرەبی سوننەو شیعەو کوردو تورکمانو ئاشوری وەکو برا پێکەوە بژین. عیراقێکی لەم جۆرە چۆن دادەمەزرێت؟ ئایا لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کورد عیراقێکی ڕۆشنو خۆشگوزەران دروست دەکرێت؟ با پرۆسەکانی ئەنفال بهێنینەوە یادمان. باس لەزیاتر لە270 گۆڕی بەکۆمەڵ دەکرێت. گۆڕەکانی کەپڕن لەتەرمی کورد... ئەگەر لێپرسینەوە سەبارەت بەو گۆڕە بەکۆمەڵانە نەکرێت، عیراقێکی خۆشگوزەرانو ڕۆشن چۆن دادەمەزرێنرێت؟ عەرەبەکانیش لەم بارەیەوە هیچ ڕەخنەیەکیان لەخۆ نەگرتووە. هیچ ڕەخنە لەخۆگرتنێکی ڕۆشنبیرانی عەرەب نابینرێت لەبەرامبەر جینۆسایدی کورد، کەنعان مەکیە لەکتێبی(دڕندایەتی و بێ دەنگی)دا ئەم مەسەلەیە بەهەمور شێوەیەك دەخاتە بەرچاو. کەواتە وا دیارە هەر کەس لەسەر ڕێبازی خۆی هەنگاو دەهاوێت.

یەکێك لەو قسانەی کەدوای دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ عیراق دەکرێ ئەوەیە کەچەکی کۆمەڵکوژ لەعیراقدا نەدۆزرایەوە چەکی کۆمەڵکوژ لەعیراقدا نییە. لەکاتێکدا چەکی کۆمەڵکوژ بەدرێژاییی سااڵنی هەشتاکان بەشێوەیەکی بەرفراوان دژی کورد بەکار هێنراوە، ئەوانەی کەباس لەنەبوونی چەکی کۆمەڵکوژ لەعیراقدا دەکەن، دان بەو سەردەمەدا نانێن کە کۆمەڵکوژیی تێدا کراو ئەو سەردەمە بەبیری خەڵك ناهێننەوە، ئەمەش کەمو کورتیەکی گەورەیە بۆ ئەو کەسانەی. وەکو لەکتێبەکەی(کەنعان مەکیە)دا هاتووە، کامەم گازی ژەهراوییە، کەژمارەیەکی زۆرتری خەڵك دەکوژێت هەمووی بەسەر سەری گوندە کوردەکاندا تاقی کرانەوە. ئەم تاقیکردنەوانەش لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ عیراق دەکرێ ئەوەیە کەچەکی کۆمەڵکوژ لەعیراقدا نەدۆزرایەوە چەکی کۆمەڵکوژ لەعیراقدا نییە. کەواتە ئەمریکا بۆ چی ئەو هەموو ژیان و سامانەی لەدەست دا؟ ئایا ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەمریکا بەدرۆ هاتووەتە عیراق؟

***زۆرەبەی چەپ و ڕاستی تورك و عەرەب کوردەکانی باشوری کوردستان وەکو گرێدراوی ئەمریکا دەبینن، ئێوە ڕاتان چییە؟**

-لەو بڕوایەدام دەبێ پەیوەندییەکانی کوردو ئەمریکا بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە:

لەسەرەوە ئاماژەم بەوە دابوو کە لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلانو لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان ناهەقیەکی گەورە لەکورد کرا. ئەمە وەکو ئەوە وابوو کورد بهاوێژنە ناو دەریاو ئۆقیانوسەکان. بێگومان مەبەست لەمەش خنکاندنی کورد بوو. کوردیش بۆ ئەوەی نەخنکێن خۆیان بەمارەوە هەڵواسی. سەرەڕای هەموو ئەو ڕەوشە نالەبارانەی کەبەسەریان هاتبوو لە ڕێگایەك دەگەڕان بۆ گەیشتنە وشکایی. هاوکات پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کەکورد لەلاوازیەکی گەورەدا دەژیان، بۆیە بوونە ئامانجی دابەشو پارچە پارچە کردن. جێی باسە کەپێویستە لێرەدا مرۆڤ تیشك بخاتە سەر لایەنێکی پۆزەتیڤی کوردیش، ئەویش پابەندبوونی کوردە بەژیانەوە، کە لەڕەوشی هەرە نالەبارەدا ژیاونو هەوڵیانداوە ژیانیان بەرەوپێش بەرن. (مار)یش مەمنونی کورد نەبووە لەخۆ پێ هەڵواسینی، تەنانەت ئەویش دەیەوێ لەسەر ئەستۆی خۆی فڕێیبداتا تا بخنکێن. بەڵام کورد ئەوها خۆیان لە(مار)ەکە ئاڵاندوە، بەهیچ ڕەهەندێك ئەو بڕوایەی پێ نابەخشێ کە ئەو ئامادەیە ببێتە ئامرازی ئەمریکا بۆ داگیرکردنی عیراق. ئەگەر ئەمریکا بیەوێت عیراق داگیر بکات، پێویستی بەهێزی سەربازی زۆر هەیە. ئەمریکا ئەو هێزە سەربازییەی لەعیراق هەیە بەتەنها ناتوانێ عیراق داگیر بکات. ئەمریکا بۆ ئەوەی عیراق داگیر بکات، پێویستی بەهێزێکی سەربازی زۆر هەیە کەلەسەدا 50 هێزی سەربازی ئەمریکا لەعیراقدا پێویستە. ئەمریکا ئەو هێزە سەربازییەی لەعیراقدا نیی